# پرۆژەیەک بۆ سەربەخۆیی کوردستان

# بەبێ خوێن!

## گریمان ئەم عێراقەی ئێستا هەر وەك خۆی مایەوە و هیچ دەرفەتێك نەبێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان

هەمووشمان دەزانین کە کوردستان بەسەر پێنج دەوڵەتی بێگانەدا دابەشکراوە. لەهەر یەک لەو بەشانەشدا، کورد کەمینەیە لەچاو نەتەوەکانیکەدا. ئەوەش بۆتە خالێکی سەرەکیی لاواز بۆ کورد لەهەموو ئەو بەشانەی کوردستاندا. بەهۆی ئەو کەمینەیەتییەوە، کورد، لەشەڕیشداو لە ئاشتیشدا، هەمیشە لایەنی دۆڕاوبووە و دۆڕاو دەبێ، تا بەم شێوەیەی ئێستا لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا بمێنێتەوە. با دەوڵەتی عێراق بکەین بەنموونەیەک بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەمان. ئەگەر ڕێژەی کورد لەعیراقدا بگاتە ١٧% یا ئەو لەری ٢٥% ئەوا لەچاو زۆرینەی ٧٥% کەدا، بەشەڕ دەرەقەت نایەت. لەئاشتیشدا، ئەگەر ڕژێم دیمۆکراتیشبێ، ئەوا لەئاستی سنووقەکانی هەلبژاردن و پەرلەمانی ناوەندا، هەر کەمینەدەبێ و بەپێی بنەماکانی دیمۆکراسی، ڕای پەسەندکراو، هی زۆرینەکە دەبێ. بەتایبەتی بەشە نەتەوەیی‌و ئایینیەکانی دی، هەرچی چەندێ ناکۆکبن لەنیوخۆیاندا، لەئاستی بەرەنگاربوونەوەی مافەکانی کوردا دەبنە یەک راو یەک ریز. کەواتە لەهەردوو بارەکەدا، کوردەکە ئەگەر یەک راو یەک ریزیشبێ لەناوخۆیدا، هەر دۆڕاو دەبێ. لەدوای تاقیکردنەوەی پێنج ساڵ ئەوەش دەرکەوت کە پرسی ئۆتۆنۆمی و فیدرالیش، هیچی لێ سەوزنابێ و ئەنجامەکەی هەر مەرگەساتئەبێ بۆ کورد. چۆنکە ئۆتۆنۆمی و فیدرالی، لەنێو دەوڵەت و گەلانی دیمۆکراتیدا دەژین و دەمێننەوە. گەلەسەردەستەکانی کورد، لەخەویشدا نابن بەو دیمۆکراتییەی لەرۆژئاوادا پیادەدەکرێ.

بنەمایەکی گشتی یاسایی هەیە، دەڵێ: ئەگەر ڕێگر نەما، ڕێلێگیراو دەگەڕێتەوە (اذا زال المانع، عاد الممنوع بغض الحلال الطلاق) ڕێگرەکەش لەم بوارەدا وەک لەسەرەوە پێشانماندا، بوونی کوردە وەک کەمینەیەک لەو دەوڵەتانەدا. بەڵام ئەگەر کورد لەبەشێکی وەک ئەم بەشەی باشووردا بوو بە زۆرینە لەچاو دانیشتوانی عێراقدا، ئەوا ڕێگرەکە نامێنێ و ئەوسا دەشێ لەشەڕیش و لەئاشتیشدا براوەبێ. هەڵکەوتەی شیعەش لەئێران و لە عێراقدا، باشترین نموونەیە بۆ ئەم راستییە. لەئێراندا لەدێرزەمانەوە دەسەلات بەدەست شیعەوەیە چۆنکە زۆرینەیە. لە عێراقیشدا، لەهەلی لێدانی رژێمی بەعسدا، شیعەی زۆرینە، بە ئاسانی دەسەلاتی گرتەدەست و ئەمەریکاش لەئاستی ئەو زۆرینەیەدا و لەئاستی ئەو هەڵکەوتەیەدا دەستەوستان ماوەتەوە.

## کورد چۆن دەبێتە زۆرینە لەعێراقدا؟

## بۆ ئەم مەبەستە، دوو ڕێگە لەبەردەمدایە کە دەشێ هەردووکیان پێکەوە بگیرێنەبەر

یەکەم: بەهۆی قەوارە سیاسییەکەی هەرێمی کوردستانەوە، هەرچی زووترە، تا ئەمیش بەئەنجامی حکومەتەکەی شێخ مەحمود و کۆمارەکەی کوردستان لەئێران نەچووە، دەرگا والاکرێ بۆ کوردی پارچەکانیکەو هەلی کارکردن و ناسنامە و نیشتەجێبوونیان بۆ دابینکرێ، وەک چۆن وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەوە بۆ کۆچبەرانی ڕۆژهەلات دابیندەکەن لەراستیشدا ئێستا ئەم هەرێمە پیویستی بە دەستی کار هەیە. ئەوەتا لە وڵاتانی ئاسیاوە و لە ئێرانو تورکیا و عێراقی عەرەبیشەوە، بەلێشاو خەڵک ڕوودەکەنە ئەم هەرێمە بەبێ هیچ مەبەستێکی نەتەوەیی کوردی. ئنجا بۆچی ئەوەی بۆ بیگانە ڕەوابێ، بۆ کوردەکە خۆی ڕەوانەبێ؟

دووەم: هانی زۆربوونی منداڵ بدرێ بەوەی بۆ هەرپیاوێک و هەرژنێک، بەکوردە هێنراوەکانیشەوە، کەبەرامبەر هەر دە منداڵ، پیاوەکەش و ژنەکەش خەڵات بکرێ. ئەگەر منداڵەکان بوون بەبیست، ئەوا دووجار خەڵات و بەوجۆرە بۆ سی منداڵ سێجار خەلات...هتد. خەڵاتەکانیش، دەشێ بریتیبن لەزەوی، دراو، دەرماڵەو هەرشتێکیکە. دیارە بەگشتی لەتوانای یەک ژندا نییە لە دە منداڵ زیاتری ببێ مەگەر بەدەگمەن. لەبەر ئەوە و لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتیداو بۆ ئەو مەبەستە دروستە، دەکرێ و ڕەوادەبێ بۆ ماوەی دە، یان پانزە سالێک ڕیگەبدرێ بەفرەژنی ڕەهاو بێسنوور.

لێرەدا دەشێ هەڵوێستەیەک لەسەر فرەژنی بکەین. ئێمە وەک کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان هەمیشە درۆشمی مافەکانی ئافرەتمان بەرزکردۆتەوە کە یەکێک لەو مافانە، تاکژنییە. واتا ڕێگەنەدان بەپیاو کە لەژنێک زیاتری هەبێ. ئێستاش لەڕووی مافی مرۆڤ بەگشتی و مافی ژنان بەتایبەتی، هەمان دیدو بۆچوونمان هەیە و فرەژنی ئەگەر بەپێی ئاینیش ڕەوابێ، ئەوا خراپترین ڕەوایە، وەک چۆن دەوترێ بێزراوترین حەڵاڵ تەلاقە (ابغج الحلال الطلاق).

فرەژنی، وابۆ ماوەی زیاتر لە (١٤٠٠) ساڵە لەناو کوردا پێرەودەکرێ لە پێناوی ئارەزووی پیاودا. ئێستا با لەپێناوی زۆربوونی منداڵدا و لەپێناوی کوردستاندا (١٤) سالیکەشی لەسەربێ. ئنجا بابزانین چۆن؟ ئێستا تێکرای منداڵی ژنی کورد لەباشووری کوردستاندا، بەتایبەتی لەشارەکاندا، لەچوار منداڵ تێپەرناکا. ڕێژەی کوردیش لەعێراقدا بەلایەنی کەمەوە بە ٢٠% دەخەملێنرێ. بەڵام ئەگەر تێکرا (معدل)ی منداڵ گەیشتە دە، ئەوا لەماوەی دە ساڵێکدا ڕێژەکە دەبێ بەنزیکەی ٥٠% ئنجا ئەگەر نزیکەی یەک ملیۆن ژنی کوردی پارچەکانیکەی کوردستان بەخۆیانو مێردو منداڵیانەوە هاندرانو هاتنە ئەم هەرێمەو ئەوانیش تێکرای منداڵیان گەیشتە دە + فرەژنیەکە کە لەهەمووی کاریگەرترە بۆ زۆربوونی منداڵ، لەماوەیەکی کورتدا، ئەوا ڕێژەی کورد لەعێراقدا لەماوەی ١٠ تا ١٤ ساڵدا لە ٧٥% تێپەڕدەکا. ئەوسا لەهەموو بارێکدا، لەشەرو لەئاشتیشدا، کوردەکە براوە دەبێ و،

نەک هەر سەربەخۆیی ئەم هەرێمە بەڵکو بەبێ دەنگو بەبێ خوێن، کورد دەبێتە خاوەنی دەوڵەتی عێراقیش. بەوەش گەورەترین پێگە بۆ رزگارکردنی پارچەکانیکە دەرەخسێ.

هاندانی چەند ملیونێک کوردی پارچەکانیتر کەروبکەنە ئەم هەرێمە، کارێکی ئاسایی‌و رەوایە. سەدام حسین لەبەرنامەیدابوو کە سێ ملیون عەرەبی فەلەستینی لەکوردستان نیشتەجێ بکا، سەربارەی بەعەرەبکردنی موسڵو کەرکوکو گەلێ ناوچەیکەی کوردستان. ئنجا بەدەر لەو مەبەستەی سەرەوە، ئەرکی سەرشانمانە جێگەی سەدان هەزار شەهیدانی کوردستان پرکەینەوە. ئەرکی سەرشانمانە جێگەی نزیکەی ملیونێک لاوی پەنابەری کورد لەرۆژئاوادا پرکەینەوە. فرەژنیش، گەرچی دیاردەیەکی بێزراوە، هەر کلتوری ئیسلام نەبووە. بابایەکی وەک (لودڤیکی دوەم) کە یەکێکبوو لەپاشاکانی ئەڵمانیا، لەحەوت سەد ژن، سێ سەدو پەنجاو چوار مندالی خستۆتەوە. جگە لەوە، ئێستا لەم هەرێمەدا، کەرتی کشتوکاڵ لەئاستی سفردایە. شێلم و تووریشمان لەدەرەوەی وڵاتەوە بۆ دێ. هۆکاری ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ کۆچکردنی گوندنشینەکان بۆ شار، بۆ ئەوەی ببنە مووچەخۆری حکوومەت و پارتییە سیاسیەکان بەناوی پۆلیس و پاسەوانی سنوور و پێشمەرگەوە. زۆربوونی منداڵ و هاوردنی کوردی پارچەکانیکەی کوردستان، ئەو کەلێنەش پڕ دەکاتەوە. داهاتی ئەم هەرێمەش ئێستا ئەوەندە زۆرە، ئەم پرۆژەیە و چەندین پرۆژەیکەشی تێدادەبێ. بەو جۆرە، بەهۆی ئەم پرۆژەیەوە، یاهەر رێگەیەکیکە، ئەگەر سەربەخۆیی دەستەبەرکرا، ئیتر ئەوسا پێویستی بە منداڵی زۆرو بەفرەژنی نامێنێ.

وەک سەرنجێکیش، ئەو قسانەمان لەسەر فرەژنی، هیچ پەیوەندییەکی بەو مشتومرەوەنیە کە لەئارادایە لەسەرفرەژنی. ئێمە بەر لەو مشتومرەوە بەر لەهەمووارکردنی یاسای باری کەسێتی، ئەم بیرۆکەیەمان لاخەملیبوو. ئیستاش، ئەم پرۆژەیە، یەکەیەکی لەیەکنەپچراوە. واتا خاڵەکان، یەک تەواوکەری یەکترن. ئەگەر تەنیا فرەژنییەکە وەرگیرێ و ئەوانیکە پشتگوێخرێ ئەوسا ئێمەش دژی فرەژنییەکە دەوەستینەوە.

ئەم پرۆژەیە لەدانیشتنی رۆژی ٢٢/١١/ ٢٠٠٨ ی ژمارەیەک کەسایەتی ئەکادیمی و پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان و سەکۆی سەربەخۆیی کوردستان و کونگرەی نیشتمانی کوردستاندا پەسەندکراوە. داواکارین لایەنەکانو رۆشنبیران، بەباری سەرنجیان، لەهۆکارەکانی راگەیاندندا، پرۆژەکە دەوڵەمەند بکەن.

لەگەڵ رێزماندا

کامیل ژیر

سەرۆکی کونگرەی نیشتمانی کوردستان

سەرکردایەتی باشوور